

# خشڵ و ئێکسسوارەکان لە شێوەی باڵندە و گیانداران

خۆشەویستیی ئافرەتان بۆ گیاندار و باڵندەکان بەجۆرێکە تەواوی مۆدە و نەخش و نیگارەکانیان لەسەر شێوە و نەخشی باڵندە و گیانداران بێت، ئەگەر ویستت نەخش و نیگاری خشڵ و ئێکسسوارەکانت جوان و سەرنجڕاکێش بن، هەوڵبدە ئەو خشڵانە بە دەست بهێنیت کە لەسەر شێوەی گیاندارن و باڵندەکانن، یان ئەوانەی وێنەی خشۆك و گیاندارە بچووکەکانیان لەسەر کراوە، مارکەی (بۆشرۆن) یەکێکە لە مارکە بەناوبانگەکانی دروستکردنی خشڵ و ئێکسسوارەکان، لەساڵی (١٨٦٦) ـەوە تا ئێستا بەردەوامن لە بەرهەمی تازەوە، تا ئێستاش لە بەرهەمهێنانی خشڵ و ئێکسسوارەکانی شێوە باڵندە و گیانداران نەوەستاون، گوارەکانت با لە شێوەی پەپوولە و باڵندەکان بێت، ملوانکەکان ئەگەر لە شێوەی مارێك یان تیمساحێك، یان پڵنگێك بێت، جوانتر دەردەکەوێت، بازنەکانیش لە شێوەی فیل و مامز و ئەسپ جوانترین مۆدە دەبەخشن، تەوقەکانی قژیش با لە شێوەی مار و باز بن، ئەنگوستیلەکانیش لە بولبول و کەناری بێت، بەو شێوەیە دەبیتە خاونی شیکترین خشڵ و ئێکسسوارەکان.









# سەرچاوەی خۆشەویستی و هەست و سۆز بە

ئافرەتان بە گشتی و کچان بە تایبەتی گرنگیی زۆر بە هەست و خۆشەویستی ناخیان دەدەن، هەمیشە بیرکردنەوەیان لای ئەو هەستەیە کە لە دڵیانە تا بتوانن پێشکەشی بەرامبەرەکانیانی بکەن، ئیدی ئەگەر خۆشەویست، یان هاوسەر و ئەندامانی ماڵەوە بێت، نەبوونی ئەو هەستە دەبێتە مانەوەی بۆشایی لە دڵ و ناخدا، تا دەگاتە هەست کردن بە تەنیایی، تێگەیشتن لە هەست و خۆشەویستی کەسی بەرامبەر وەك قسەکردنە بە یەك زمان، لەو کاتەی دوو زمان بوونی هەبێت کەس لەوەی دیکە تێناگات، بەم چەشنە کچان دەتوانن لە رازی بەرامبەرەکەیان تێبگەن، ئاخۆ ئەو کەسانە ئەوانیان بۆ خۆشەویستیی ناخیان دەوێ، یان تەنیا گرنگی بە جەستەیان دەدەن، جیاوازیی لە نێوان هۆگربوون و خۆشەویستی و سەرنجڕاکێشیدا هەیە، پسپۆڕی دەروونی (سەزا هاشم) ئاماژە بە بوونی خۆشەویستی دەکات و هەست وەك پێداویستییەکی دەروونی دادەنێت، لەو کاتەی هەست بەو لایەنە بکەیت، دەروونت ئارام دەبێت و کەشێکی هێمن بەسەر هەستەکانتدا زاڵ دەبێت، بەم جۆرە هەست بە خۆشی و شادی دەکەیت، بۆیە هەوڵبدە هەمیشە سەرچاوەی خۆشەویستی و هەست بیت، تەنانەت ئەگەر رەگەزی بەرامبەریش نەبوو، دەتوانی خۆشەویستی و سۆز و هەست بە ئەندامانی خێزان و هاوڕێ و کەسانی نزیکت ببەخشیت.



# نەخش و نیگارەکانی کاغەزی دیوار بۆ دیکۆری ماڵەکەت

دیکۆری ماڵ تا چەند نویٚ و تازە بێت، هێندە زیاتر بەرچاو و جێی سەرنج دەبیٚ، بەتایبەت کاتێك گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵەکەتدا دەکەیت، جگە لەوەی جێی سەرنجی هەموانە، هەروەها سەرچاوەی خۆشییە بۆ خۆت و خێزانەکەشت، گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵدا ئەرکێکی قورسە و ڕەنگە کات و ماددەی پێویست بێت، بەڵام هەندێ گۆڕانکاری هەن، تێچوویان کەمە و دیمەنێکی تازە بە ماڵەکەت دەبەخشێت، یەکێك لەوانە: کاغەزی دیوارە، کەرەستەیەکی سادە و کارێکی ئاسان، گۆڕانکاریی تەواوت بۆ دەکات، گۆڤاری (ئێل دیکۆر) چەندین جۆرە مۆدی کاغەزی دیواری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: کاغەز دیواری لە ڕەنگ و نەخشی سرووشتی، ئەو جۆرە مۆدێکی ناوازەیە و ناسکە، بە تایبەت بۆ ژووری چێشتلێنان و ساڵۆنی دانیشتن، نەخشی شیفرۆن مۆدێکی دیکەیە کە بۆ ژووری دانیشتن شیاوە، بە تایبەت ئەگەر لە ڕەنگی شین و سپی بێت، نەخشەکانی ڕەنگی (نیوٚد) هەن، بۆ ژووری دانیشتن و بالکۆن گونجاون، نەخشی کاغەزدیواریی زەرد، مۆدێکی زەقە بۆ نزیك پەنجەرە و دەرگاکان دەشێیت، نیگارەکانی کلاسیك، مۆدێکی سەرنجڕاکێشە کە بۆ ژووری دانیشتن گونجاوە، نەخشی مەغریبی، بۆ هەموو شوێنێکی ماڵ دەبێت، نەخشی ڕەش و سپی، بۆ ژووری گەرماو و کۆگا، هەروەها دوا نەخش بریتییە لە نەخشی سیٚ ڕەهەندی، کە مۆدێکی تازەیە بۆ تەواوی دیکۆری ماڵەکەت شیکە.




# هەڵبژاردنی ستایل و مۆدەکانی جلوبەرگی دەوام و سەرکار

بەشێکی زۆری ئافرەتان خاوەن پیشەن و ڕۆژانە لە سەر کارن، هەڵبژاردنی جلوبەرگی ڕۆژانی کارکردن گەورەترین کێشەی بۆ هەندێك لە ئافرەتان دروست کردووە و زۆرجار لەسەر دەستنیشانکردنی جلێك ماوەیەکی زۆر لە کار دوادەکەون. پۆشاکی دەوام و سەر کار جیاوازە لەگەڵ جلی ماڵەوە و دەرچوون و گەشت، چونکە دەبێت جلێك بێت کە بێزارکەر نەبێت، لە ڕووی ستایلیشەوە گونجاو بێت، چونکە هەموو جۆرە ڕەنگێك بۆ جلی سەر کار و دەوام لەبار نییە. لە بارەی ستایلەکانەوە، ڕەنگە بتوانیت پانتۆڵێك بۆ چەند ڕۆژێك دووبارە لەبەری بکەیت، بەڵام ناکرێت جلەکانی سەرەوە دووبارە بن، بۆیە چەندین ڕێنمایی دەربارەی جلی کاتی سەرکار و دەوامی فەرمی هەن، کە دەتوانیت لێرەوە ئاشنایان بیت: (ستایلی مۆنۆکرۆم) مۆدێکی یەك ڕەنگە لە سەرەوە تا خوار، ئەو جۆرە جلە ئاساییە و بۆ هەر ڕۆژێکی دەوام گونجاوە، واتە چاکێت و قەمیس و تیشێرت و پانتۆڵ لە هەمان ڕەنگبن، بەڵام هەوڵبدە ڕەنگی پێڵاوەکانت جیاواز بێت. ستایلی جینز، ئەگەرچی بێزارکەر و تەسکە، بەڵام دەتوانی ئەو جۆرە بپۆشی کە قوماشی نەرم و لاستیکە، واچاکە کابۆی جینزی بۆری، لەگەڵ قەمیس بگونجێنیت، پێڵاوی پاژنە بەرزیشت لە بیر نەچێت، ستایلی تەنوورە مۆدێکی سەرنجڕاکێش و پڕ کەسایەتییە، بەڵام با زۆر کورت نەبێت کە نەتوانی بە سانایی جووڵە بکەیت. ستایلی عەزی و بەدڵلە، مۆدێکی فەڕاح و کراوەیە، دەتوانیت بیکەیتە جلی دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا.



# نا بۆ پێڵاوی پاژنە بەرز

کۆمەڵێك بە ناوی هاشتاگی (کوتوو) لە ژاپۆن دەرکەوتوون، کە بەرگری لە ئافرەتان دەکەن، دوابانگەواز و ئاگادارییان بۆ هەموو جیهان بریتییە لە (نا بۆ لە پێکردنی پێڵاوی پاژنە بەرز لە کاتی دەوام و سەرکار) بەپێی ئاگادارییەکە ئافرەتان بە لەپێکردنی ئەم پێڵاوانە دوچاری ژان و پشتئێشە دەبنەوە و لە شەوانەشە هەست بە ماندوویێتی زۆر بکەن، هاشتاگەکە لە (٦٧) هەزار کەس پێکهاتووە، لەلایەن نووسەری ژاپۆنی (یۆمی ئیشیکاوە) سەرپەرشتی دەکرێت، یەکێك لە داواکارییە سەیرەکانی ئەو کۆمەڵەیە ئەوەیە، کە ئەگەر لەسەر ئافرەتان پێویستە پاژنەبەرز لەپێ بکەن، با پیاوانیش لە پێی بکەن، تا هەست بە مەینەتییەکانیان بکەن، پیاوانیش بە کۆمێنت ئاماژە بە پۆشینی ریبات (بۆینباخ)ی مل دەکەن، کە لە پاژنەبەرز زیاتر بێزارکەرە.



## كاریكاتێر

کاریکاتێرێکە، باس لە ژیانی راستەقینەی رۆژانەمان دەکات، کە بۆ بەدەستهێنانی خواردن هەمووان پێشبڕکێ دەکەن، تا بە خواردنەکە بگەن.



## ئەڵماسی پەمەیی

دۆزینەوە و مەزادکردنی ئەڵماسە ناودارەکان رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە، دواجار ئەڵماسێکی رەنگ پەمەیی دۆزرایەوە، ئەو ئەڵماسە بە یەکێك لە ئەڵماسە ناوازەکان دادەنرێت، کە رەنگی پەمەییە و نموونەی نییە، چونکە زۆربەی ئەڵماسەکان رەنگیان شین و سەوزی روونە، ئەو ئەڵماسە ناوی (بەبل گیوم - Bubble Gum)ە، کێشەکەی (٣,٤٤) قیراتە، بە نرخی (٧,٥) ملیۆن دۆلار لە مەزادی ئاشکرا لە ماڵی (کریستیز) لە شاری هۆنگ کۆنگی چین فرۆشرا.



## فێلكاری چاو

یەکێکە لە وێنەکانی بواری تەلارسازی، کە بە جۆرێك دروست کراوە وەك ئەوەی شێوەی باڵەخانەکە خواروخێچ بێت، هەوڵبدە راست و دروستیی وێنەکە لە ماوەی یەك خولەکدا بزانیت.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسێکی بەهرەمەندی و جوان بیر دەکەیتەوە، ماوەیەکی زۆرە کێشەت هەیە، هەوڵبدە بەسەر کێشەکانتدا زاڵ بیت، پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی خێزانەکەت گونجاو نییە، وا باشترە بەخۆتدا بچیتەوە، هیچ مرۆڤێك نییە هەڵە نەکات، لێبوردن بەڵگەی هەست و دڵی تۆیە، بۆیە خۆت لە تووڕەبوون بپارێزە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

داهاتووت بەرەو خۆشبەختی دەچێت، ماوەیەکی زۆرە ماندوویيت پێوە دیارە و پێویستت بە پشووە، کەسێك لەگەڵت باشە و دەیەوێت هەستی خۆیت بۆ دەرببڕێت، رێگەی بدە، واباشترە وەکو کەسانی پێشوو فەرامۆشی نەکەیت، چونکە رەنگە ئەو کەسە بۆتۆ گونجاو بێت.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

خەمێکی قووڵ بێزاری کردووی، مەهێڵە کاریگەریی کەسانی دیکە بێزارت بکات، لەگەڵ کەسێکدا کارەکانت بە جوانی بەرێ دەکەیت، مەهێڵە کەسانی دەوروبەر بە نهێنییەکانت بزانن، کەسێکی لێهاتووی و جوان بیر دەکەیتەوە، هەستەکانت بشارەوە و مەهێڵە کەس پێت بزانێت، خەریکی ژیانی خۆت بە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەگەڵ کەسێك کێشەتان هەیە، بۆیە دەبێت زوو چارەسەری بکەیت، مەهێڵە داهاتووی ژیانت بەرەو ناخۆشی بچێت، کەمێك ئارام ببەرەوە، چونکە ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، کەسێك داوای یارمەتیت لێدەکات، چونکە متمانەی بە تۆیە، تۆش هاوکاری بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

یارمەتی کەسانی دەوروبەرت بدە، بەڵام ئاگاداری ژیانی خۆیشت بە، کارەکانت دوا مەخە، شتێك مەکە ببێتە مایەی بێزاری بۆ داهاتووت. کەسێك چاودێریت دەکات، رێگەی مەدە، پێویستە بەجوانی و زیرەکی بیر لە داهاتووت بکەیتەوە، چونکە هەڵەکان بە ئەنجامی باشت ناگەیەنن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


بێزاریت وای کردووە خەریکە ژیانی خۆت تێکدەدەیت، زۆربەی کارەکانت فەرامۆش دەکەیت، هەوڵی داهاتووت با بۆ بەرژەوەندیی خۆت بێت، لە هەوڵەکانت بەردەوام بە و پێویست ناکات سارد ببیتەوە، چونکە قۆناغێکی باشت بریوە و ئەوەی کە ماوە سەخت نییە، ئەگەر لەهەوڵدان بەردەوام بیت دڵنیابە بەئاواتەکانت دەگەیت.



# بۆ زانیاریت

## کوتان - vaccination

لە ١٤ی ئایاری ساڵی ١٧٩٦، زانای ئینگلیز (ئیدوارد جینێر) کوڕە تاقانەکەی کردە قوربانی بۆ کوتانی نەخۆشیی ئاوڵە، کە لە مێژوودا بە مەترسیدارترین سەرکێشیی زانستی دادەنرێت، لەو ساڵانەدا نەخۆشیی ئاوڵە درم و نەخۆشییەکی خەتەرناك بووە کە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن کەسی کوشتووە، هەوڵەکانی هەموو زانایان شکستیان هێنا لە داهێنانی چارەسەرێك بۆ ئەم نەخۆشییە کوشندەیە، بەڵام ئیدوارد جینێر، بەهۆی ژیرییەکەیەوە شتێکی نامۆی بەدیکرد، ئەویش ئەوە بوو کە ئەوانەی بەخێوکەری ئاژەڵی مانگان و ماست دەفرۆشن، تووشی نەخۆشیی ئاوڵە نابن. بۆیە ئیدوارد، بیری لەوە کردەوە: «ڕەنگە تووشبوون بە نەخۆشیی ئاوڵەی مانگا مەترسیی کەمتر بێت و بیانپارێزێت لە ئاوڵەی مرۆڤ، بۆیە دەبێت ئیدوارد، خۆبەخشێکی مرۆڤ بدۆزێتەوە کە تووشی نەخۆشیی ئاوڵەی مانگا بووبێت و، پاشان بکوترێت بە نەخۆشیی ئاوڵەی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ئیدوارد لەو سەرکێشییە زانستییە دەگمەنە دڵنیا ببێتەوە، بڕیاری دا ئەم خۆبەخشە کوڕە تاقانە تەمەن ٨ ساڵەکەی بێت، ئەگەرچی ئیدوارد دەیزانی لەم سەرکێشییەدا ڕەنگە کوڕەکەی بمرێت، بەڵام گوێی بەمە نەدا، بۆیە بڕیاری دا ئەمکارە بکات، چونکە دەیبینی بە ملیۆنان کەس لە دورووبەری بەهۆی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەوە دەمرن. ئیدوارد تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا و سەرکەوتوو بوو و کوڕە تاقانەکەی مایەوە لە ژیاندا، جیهانیش لە مێژوودا مەزنترین دەستکەوتی پزیشکیی بەدەستهێنا، ئەویش بیرۆکەی کوتانە کە ژیانی ملیۆنان مرۆڤی ڕزگارکرد.



## پەند و وتە

جیان بابتسیتی پۆگلیەن، کە بەمولییەر ناسراوە، نووسەر و ئەکتەرێکی فەڕەنسی و هەروەها شاعیریش بووە، لە ساڵی (١٦٢٢) لە ڕۆی ساینت هونۆر لە شاری پاریسی فەڕەنسا لەدایکبووە و لەساڵی (١٦٧٣) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕەخنەگرتن دەڵێ: مرۆڤ بەر لەوەی ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگرێت، دەبێ سەرەتا سەیر خۆی و کەسایەتی و ئاستی خۆی بکات، ئینجا ڕەخنە لە بەرامبەرەکەی بگرێت.




جارێکیان یەکێك سەر ستوونێك کەوتبوو، نەیدەتوانی بێتە خوارەوە، شۆفێری تراکتۆرێك هات و گوریسێکی بۆ هەڵدا و رایکێشا، کەسەکە بەر بووە و مرد، لەو کاتەدا خەڵکیش دەڵێن: بۆ ئەو کەسەت کوشت؟ ئەویش دەڵێ: چی بکەم، من ویستم رزگاری بکەم، پێشتر چەندین کەسم بەم جۆرە لەناو بیر و شوێنی قووڵ دەرهێناوە!

## پوختەی فیلم



**گیانداری خۆماڵیی سامناك - Pet Sematary**

**فیلمێکی ترسناك و شانۆییە، باس لە خانەوادەیەك بە ناوی دکتۆر لویس کرید و هاوسەر و دوو منداڵەکەی دەکات، کە لە خانوویێکی تازەی شاری بۆستن نیشتەجێ دەبن، دوای ئەوەی هەست بە بوونی دەنگ و جووڵەی ترسناك دەکەن، تا ئەو کاتەی دکتۆر لویس دەچێتە لای دراوسێکەیان و دەربارەی ئەو خانووە قسەدەکەن، دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە رۆحی ئیبلیس لە نێو جەستەی پشیلەیەکی خۆماڵدا هەیە و ڕووداوی سامناکیان بەسەردەهێنێت، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێرە، لە وڵاتی سەنگافورە وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی هەردوو دەرهێنەر (کیڤن کۆڵسج و دینیس وادیمەر)ە بودجەی فیلمەکە (٢١) ملیۆن دۆلارە و داهاتیشی (١٣٠) ملیۆن دۆلار بووە، لە نواندنی (جەیسۆن کلارك و جیتی لاوریس و جۆن لیتگەو و ئێمی سیمیزت و نایۆمی فرێنتییە).**




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێك لێت نزیك دەبێتەوە کە کێشەی بۆ دروست کردوویت، بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە، هەوڵبدە کارەکانت جێبەجێ بکەیت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە نەرمی ڕەفتار بکە، بیرۆکەکانت بۆ داهاتوو سەردەگرن، هەوڵبدە سوود لە وزە و توانای خۆت ببینیت و پارێزگاری لەوە بکە کە هەتە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کێشەکانت بە زوویی چارەسەر دەبن، نابێت خۆت هێندە سەرقاڵ و بێزار بکەیت، سەرقاڵی ژیانی خۆت بە و هەندێك ئاگاداری باری دەروونیشت بە، زۆربەی کاتەکانت لە ماڵەوە بەسەر دەبەیت، وا چاکە زیاتر بچیتە دەرەوە تا کەشی ماڵەوە بێزارت نەکات.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسانێك بۆ بەرژەوەندی لەگەڵ تۆدا دێن و دەچن، تۆش بە دڵسافییەوە ئەوانت وەرگرتووە، پێویستە ئاگاداری خۆت بیت، کەسێك کە بە بەردەوامی هاتوچۆت دەکات، بەو جۆرە نییە کە تۆ لێی دڵنیایت، پێویستە سنوورێك بۆ ئەو کەسانە دابنێیت کە خۆیان لە ژیانت هەڵدەقورتێنن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی کێشە و گرفت بۆت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەرکی داهاتووت قورس دەبێت، بەڵام خۆشیی لەدوایە، مەهێڵە کەسانی دیکە ئاگاداری نهێنییەکانی ژیانت بن، کەسێك یارمەتی تۆی دەوێت و تۆش هاوکاری بکە، لەگەڵ دەوروبەرت نەرمونیانیت، بەڵام لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت توندی، نهێنییەکانت بپارێزە، تایبەتمەندییەکانی ژیانت بۆ هیچ کەس مەدرکێنە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کە بیر لەخۆت دەکەیتەوە وا هەست دەکەیت کەسێکی بێسوودی، بەڵام نابێت وا بیر بکەیتەوە، خەمی داهاتووت نەبێت، چونکە بەرەو ئاسوودەیی دەچێت و زۆربەی هەنگاوەکان بە دڵی تۆ دەبن، ماوەیەکە لەدەست کارەکانت ماندووی، پێویستە ئەو چالاکی و کارانەی لەسەرتە جێبەجێیان بکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێگە مەدە خەونەکانت لە کیس بچێت و هەوڵی خۆتیان بۆ بدە، کارێکی وا مەکە کە داهاتووت لە دەست بچێت. بەم نزیکانە بە یاوەریی کەسێك دەرچوونێك دەکەیت، لە ماوەی داهاتوودا کاری باشتان دەستدەکەوێت، خۆشی بەڕێوەیە و ڕەشبین مەبە و ئومێدت بە ئایندە هەبێت.